www.kurdistannet.org
05/06/2002 22:58

**له ئەدەبی فەڕەنسی یەوە**

**چەند دەقێکی نووسەرو شاعیری فەڕەنسی : جاك پرێڤێ**

**وەرگێڕان لە فەڕەنسییەوە: خەسرەو پیربالْ**

(١)

**"لە دارستاندا، هەمیشە خەڵکم ئەبینی لە هەموو لایەکەوە خەریکی خواردن و خواردنەوە بوون, قاوەیان دەخواردەوە, ڕۆژێکیان بینیم سەرخۆشێك ڕووی لە خەڵك کردوو هاوارێکی کرد:**

**خێراکەن، بخۆن و بخۆنەوە, خێراکەن لەسەر ئەو گیاسەوزانە بخۆن و بخۆنەوە، نۆشی کەن هەتا زووە, هێندە نەماوە و ڕۆژێك دادێت ئەو گیاو سەوزایییە نان لەسەر لاشەکانتان دەخۆن". .**

**جاك پرێڤێ ١٩٠٦ نۆیی.**

(٢)

**(هەلهێنان)**

**پاشا: شالْیار، حەزدەکەم بەپێکەنینم بهێنی**

**شالْیار: گەورەم, سەرۆکی وەزیرانت پیاوێکی گێلە, جێگری‌سەرۆك وەزیرانت کەرونەفامە,**

**وەزیری سێهەمت هیچ و پووچە, هی چوارەمت .......**

**پاشا: باشە، باشە بووەستە, پێم بلێ چی بکەم باشە, چارەسەر چیە ؟**

**شالْیار: چارەسەر ئەوەیە گەورەم, خۆیشتان پاشای کەرو گێل و نەفامانن !**

(٣)

**(منداڵە عەیارەکان)**

**هۆ . گەلی باوکان**

**سەیری دەستەچەپ بکەن**

**سەیری دەستە ڕاست بکەن**

**باوکان**

**بڕۆن لە ئاوێنەدا، سەیری خۆتان کەن و**

**پاشان وەرنە بەرامبەرمان و، سەیری دەموچاوی ئێمە بکەن.**

(٤)

**(ساتە گەنجەکانمان)**

**ڕووبارەکان هێندە ڕوونبوون**

**دەریاش هێندە پاك و سازگار**

**ئەو نانەش هێندە بە تام**

**کاتێك دوورکەوتینەوە, شەڕەکانیش لەبیرکران**

**سەیرکە، ئەمڕۆکە گۆرانی بۆ خۆشەوویستی دەڵێین.**

**وەرگێڕان : لە فەڕەنسییەوە: خەسرەو پیربالْ**

www.kurdistannet.org
05/06/2002 22:58

سەرچاوە:

کتێبی شیعرو دەقەکانی شاعیر:

**Jaques Prevet**
**Choses et autres**
**Folio- text integral-Paris, 1972**
**Gallimard**

www.kurdistannet.org